

# هەنگاوێکی گرنگ هەنگاوێکی پڕمانا

بەڕێوەبەری نووسین

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە بواری تەکنەلۆژیادا هاتۆتە ئاراوە و بواری گەیاندن بەشی شێری بەرکەوتووە لەم پێشکەوتنەدا و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن هێندە پێشکەوتوون و لەخێراییدا پێشبڕکێ لەگەڵ هەورە برووسکەدا دەکەن. بەڵام هەموو ئەو ئامرازانە هێشتا نەیانتوانیوە بەسەر بواری پۆستەدا بازبدەن و بیخەنە خانەی نا پێویستییەکان و بواری پۆستە بەو مێژووە دێرینەی هەیەتی و تەمەنی بۆ سەدان و بگرە هەزاران ساڵ بۆ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە هێشتا پیرنەبووە و بوارێکی زیندووە لە گێتییدا.

ئینتەرنێت و فاکس و مۆبایل و کورتەنامە تا ئێستا نەیانتوانیوە جێگای نامەی بە دە ست خەت نووسراو بگرنەوە و کارتە ئەلیکترۆنییەکان نەیانتوانیوە شوێنی کارتە سوورەکانی ڤالانتاین بگرنەوە کە لە ڕۆژی خۆشەویستیدا بە ملیۆنەها لاو و خۆشەویست لەسەرانسەری جیهان وەکو دیاری بۆ یەکتری دەنێرن و لەنێو هەگبەی پۆستەبەرانەوە دەگاتە شوێنی مەبەست و لەم بارەیەوە ئەوروپا لە گۆڕینەوەی کارتی ڤالانتاین ژمارەی پێوانەیی شکاندووە.

لە عێراق و کوردستان بەهۆی سیاسەتی دژە مرۆییانەی بەعس و پاشان ڕەوشی سیاسی کوردستان بواری پۆستە هەرگیز نەبووە بە بوارێکی چالاک و ئەکتیڤ و ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی جۆراوجۆر.

لەم دووایانەدا و لە هەنگاوێکی گرنگدا وەزارەتی گەیاندن توانی ڕەزامەندی یەکیەتی پۆستەی جیهانی بەدەست بهێنێت بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی نێودەوڵەتی بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستە و دیاریکردنی سیمبولی تایبەت بە پۆستەی کوردستان.

ئەمەش یەکەم جارە لە مێژووی دامەزرانیەوە یەکیەتی پۆستەی جیهانی سیمبولی پۆستە بۆ نەتەوەیەک دیاری بکات کە خاوەنی قەوارەی سیاسی سەربەخۆ نەبێت و خاوەن دەوڵەت نەبێت .

ئێستا لەسەرانسەری جیهان سیمبولی پۆستەی کوردستان وەکو سیمبولێکی سەربەخۆ و جیا لە عێراق دانپییانراوەو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

قۆناغی کردنەوەی سەنتەری نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستە بەقۆناغی گەشەکردنی بواری پۆست لە کوردستان لە قەڵەم دەدرێت و دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ خەڵکی کوردستان کە بواری پۆستە لە کوردستان بگاتە ئەو ئاستەی ڕکابەری وڵاتانی پێشکەوتوو بکات لەم بوارەدا.

یەکێک لە سیما ئەرێنییەکانی ئەم سەنتەرە خێراییەکی بەرچاوە لە ناردن و گەیشتنی پۆستە و بەستەکان لە هەر وڵاتێکی جیهان بێت و هەروەها دیاریکردنی نرخێکی گونجاوە لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە هاووڵاتیانی کوردستانی دەکات و هەموو چین و توێژەکانی کوردستان دەتوانن سوود لە خزمەتگوزارییەکانی وەربگرن.

لەم چەند ساڵەی دوایی لە کوردستان چەندین کۆمپانیای پۆستەی سەر بەکەرتی تایبەت دامەزراون و خزمەتیان بەخەڵک کردووە بەڵام لیستی نرخی خزمەتگوزارییەکانیان جێگای سەرنج و تێبینی خەڵک بووە، بەڵام سەنتەری نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستە وەکو کەرتی گشتی کە سەر بە وەزارەتی گەیاندنە نرخێکی وای بۆ خزمەتگوزارییەکانی دیاریکردووە کە جێگای خۆشحاڵییە و ڕەچاوی بژێوی خەڵک کراوە.

رووکردنە سەنتەری نێودەوڵەتی هەولێر و سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتییەکی گەورەیە بۆ سەرخستنی پڕۆژەیەکی گرنگ کە لە هەموو ڕوویەکەوە کۆمەڵێک مەغزا و بایەخی تایبەتی هەیە.